# لەوەتەی ڕەمەزان داهاتووە نرخی خۆراک و پێداویستی بەرزبۆتەوە




هەموو ساڵێک لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزاندا فرۆشیارەکان نرخی شتومەک بەرز دەکەنەوە بەتایبەت ئەو شتانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی وڵاتیانەوە هەیە، ئەمەش بە بیانوی زیادبونی داواکاری لەسەر شتەکان.
سەبارەت بەم بابەتە فرۆشیار **حاجی عوسمان** کە دوکانی هەنگوین فرۆشتنی هەیە ووتی: شتەکانم هەروەکو پێش ڕەمەزانە هەرزانم کردووە گرانم نەکردووە و بەشێوەیەکی گشتی دوکانەکانی دراوسێشم هەروایە.
وڵاتی **فایەق حسێن** پێی وابوو کە بەرزبونەوەی نرخ دەگەڕێتەوە بۆ شاردنەوەی کەلوپەلەکان لەلایەن فرۆشیارەکانەوە تا هاتنی مانگی ڕەمەزان بۆ ئەوەی قازانجێکی زۆر بکەن و لەو مانگەشدا خەڵک بە هەرچەندێک بێت شت هەر دەکڕێ، ناوبراو وتی ئێستا بەهۆی داخستنی مەرزەکانی سەرسنورەوە لەلایەن ئێرانەوە وە نزیک بونەوە لە جەژنی ڕەمەزان نرخ دوو ئەوەندەی سەرەتای ڕەمەزان بەرزبۆتەوە، سەرەڕای بەرزبونەوەی نرخیش هەندێ فرۆشیاری بێ ویژدان بەدەرفەتی دەزانێ خواردنی ئێکسپایەر یان ماوەیەکی زۆر کەمی مابێ بەسەربچێ دەیفرۆشن بە هاوڵاتیان، لێرەدا زەرەرمەندی یەکەم خەڵکە فەقیرو کەم دەرامەتەکەیە، دەوڵەمەندەکان بە خەیاڵیان دا نایەت بە هەرچەندێک بێت دەیکڕن.
فرۆشیار **ڕاستگۆ بەختیار** وتی: پێشتر دوکانی شەربەتم هەبوو بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی کۆلێراوە شەربەت قەدەغە کراو ئێستا کردومە بە دوکانی شیرینی چونکە لەم مانگەدا خەڵک زیاتر شیرینی دەکڕن. نرخی شیرینی لای من جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ دوکانەکانی تر بۆ نمونە کیلۆیە پاقلاوە بە 6 هەزار دینارە لە دوکانەکانی تر بە 8 هەزار دینارە، واتا 2 هەزار دیناری فەرقە لەگەڵ دوکانەکانی تر کە ئەمەش بۆ هەژاران زۆرە.
وڵاتی **ئامینە خدر** وتی: من فەرمانبەرم نرخی خواردەمەنی و کاڵاکان ئەوەندە گرانن موچەکەم بەشی هەفتەیەکی مانگی ڕەمەزانم ناکات ناچارم پارە قەرز بکەم لە کەسێکی نزیکم تا موچە وەردەگرمەوە.
فرۆشیار **جلال بەکر** کە دوکانی خورما فرۆشتنی هەبوو وتی: نەک هەر لەمانگی ڕەمەزاندا،ساڵ دوانزە مانگ خورما ئەفرۆشم نرخەکەی هەروەکو خۆیەتی پێش ڕەمەزان بە 2 هەزار بووە ئێستاش هەر بەوەندەیە نرخ زیاد ناکەین تەنیا کاتێک نرخ زیاد دەکەین کە لە ئەو شوێنەی دەیهێنین گران بوبێت..
فرۆشیار **ئیبراهیم حسێن** کە لەدوکانەکەیدا مریشک و ماست و شتی تری دەفرۆشت وتی: حکومەت نرخی بۆ کیلۆیەک مریشک داناوە کە 3600 بەڵام ئێمە هەرزانتر لەو نرخە ئەیفرۆشین بە 3400،بەڵام کیلۆیەک ماست پێش ڕەمەزان بە 1250 بوو ئەیفرۆشین بە 2500، هۆکاری سەرەکی بۆ بەرزبونەوەی نرخ تەنیا حکومەتە چونکە ڕێگە نادات زۆر شتی خواردەمەنی بێت بۆ کوردستان بەڵام تاجرەکان بە قاچاغی هەر دەیهێنن و ناشپشکێنرێت واتا دوو جار زیانی هەیە کە نرخەکەی گرانەو لەڕووی تەندروستیشەوە کێشە دروست دەکات .
وڵاتی **نادر یونس** وتی: من بە بەرزبونەوەی نرخ لە مانگی ڕەمەزاندا ئەوەم پێ ناخۆشە ئەو فرۆشیارانەی کە نرخ بەرز دەکەنەوە لەم مانگەدا بەڕۆژوون و هاتوچۆی مزگەوت دەکەن بۆ نوێژکردن و خۆیان بە بڕوادار دەزانن، بەڵام یەک تۆز ویژدانیان نیە و ویژدانیان خەوتووە بەڕۆژوو نەبن باشترە.
فرۆشیار **جەبار حسێن** کە دوکانی شتی وشکەی هەبوو وتی: بەرزبونەوەی نرخ بەپێی جۆری خواردەمەنیەکان دەگۆڕێت بۆ نمونە برنجی دوومەڕ هیچ گۆڕانکاری بەسەر نرخەکەی دا نەهاتووە هەروەکو خۆیەتی بەڵام برنجی کەڵەشێری زەرد نرخەکەی گران بووە 10 هەزار زیادی کردووە چونکە خەڵک زۆر دەیکڕێ، ڕۆنی ڤیتاش 6 هەزار زیادی کردووە، نرخی برنجی بایەعیش زیادی کردووە بووە بە 42 هەزار چونکە ماوەیەکی زۆرە لە بایەعەکان نەدراوە و برنجیش خواردنی سەرەکی خەڵکە.

**سازدانی/ فەرەیدوون حسێن**

# تکایە یاساو بڕیارەکانی دوبەی بۆ هەولێر بهێنن!!



ماوەیەک لەمەوبەر مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە خەڵکی هەولێردا کە شارەکەیان بکات بە دوبەی، مەبەستی بەڕێزیان ئەوەبوو شاری هەولێر وەکو دوبەی جوان بکەن و بیرازێننەوە، واتە باڵاخانەی مۆدێرنی لی دروست دەکەن، بەڵام من وەکو کوردێکی دڵسۆز خەونی من ئەوەیە کە شارەکانی وکردستانیش باڵاخانەو پارک و هۆتێل و شەقامی هاوچەرخانەی لێدروست بکرێ، بەمەرجی ئەو باڵاخانەو بازاڕو هۆتێل و باخچەو بەنزینخانانە هەموویان هی بەرپرسەکان نەبن!!
هەڵبەت هەموومان دەزانین کە ماوەیەکە حزبە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان کە ڕۆژنامەو نووسەرو ڕۆژنامەوانانیان هاویشتۆتە ملان و دەیانەوێ دەست لە قوڕگیان بنێن و هەناسەی ئازادیان لەبەر ببڕن. تا ئێستاش چەندین داوا لە دژ چەندین ڕۆژنامە لە دادگەدا تۆمارکراون و چەندین ڕۆژنامەوانیش ڕووبەڕووی لێپرسینەوە کراونەتەوە. ئەگەر بە قسەی شارەزایانیش بێ ئەوە دەستەڵاتدارانی کوردستان شوێن پێی حوسنی موبارەک و حکومەتی میسر هەڵدەگرنەوە و شەڕی ڕۆژنامەکان رادەگەیەنن.
هەر لەم ڕۆژانەدا شێخ محەمەد بن راشد ئال مەکتووم جێگری سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و حاکمی دوبەی ، لە فەرمانێکی فەرمی دا بڕیاری دا کە لەمەوبەدوا بە هیچ جۆرێک ڕۆژنامەوانان لەسەر نووسین و سەرپێچیکردنی پێوەند بە کاری ڕۆژنامەوانییەوە ، زیندانی نەکرێن. هەر لەو بەستێنەدا عەبدوڵا بن زاید ئال نەهیان سەرۆکی ئەنجوومەنەی نیشتمانی بۆ راگەیاندن وتی ، شێخ محەمەد فەرمانی دەرکردووە و لایەنە پەیوەندداەرکانیش دەبێ بە زوویی جێبەجێی بکەن، بەو پێیە نابێ سزای ڕۆژنامەوان لە سەر کارەکەی بگاتە رادەی زیندانی کردن .
ئەگەرچی ئەم بڕیارە دوای زیندانی کردنی شیمبا کاسیرل سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەلیج تایمزی ئینگلیزی وموحسین راشید ڕۆژنامەوان لەهەمان ڕۆژنامەوە هاتووە کە بۆ ماوەی دوو مانگ بە تۆمەتی جنێودان و سوکایەتی کردن لەزیندان ئاخنرابوون، ئەوەش نارەزایی زۆری لێکەوتبۆوە، ئیتر بە گوێرەی ئەم بڕیارە ئیدی هیچ ڕۆژنامەوانێک لە دوبەی زیندانی ناکرێن.
من وەک تاکێکی کوردستانی و لە جیاتی ڕۆژنامەوان و نووسەرانی کوردستان داوا لە بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دەکەم کە خۆی ماندوو نەکات و شاری هەولێرمان بۆ وەک دوبەی لێنەکات، بەڵکو تەنیا یاساو بڕیارەکانی ئەو شارەمان بۆ بگوازێتەوەو فەرمان بدات کە لێرەش جێبەجێ بکرێن و بەس !!

**شاسوار محسن**

# تاکەی ڕەخنە....؟!

ئەمڕۆ لە کوردستانی خۆماندا ڕەخنەگرتن لە هەموو شتێ بۆتە باو، زۆربەی ڕەخنەکانیش بەناوی گەندەڵییەوە ئاڕاستەی حکومەت دەکرێن. بەڵێ ئەمڕۆ گەندەڵی بۆتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ، بە ووردو درشتەوە باسی گەندەڵی دەکەن و ڕەخنە لێدەگرن، تەنانەت وای لێهاتووە چەند ڕێخراوێکی مەدەنی زۆربەی چالاکییەکانی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، بۆ بەگژاچونەوەی دیاردەی گەندەڵی خولی جۆراوجۆر دەکەنەوە. حکومەت خۆشی و لەسەرئاستی سەرکردایەتیشدا باسی لێوەدەکەن و بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ گرتنەبەری ڕێگەچارە بۆ دەرچون لە گێژەڵوکی گەندەڵی کە خەریکە وەکو مۆرانە و ئەسپێ مۆخی کەللەسەرمان دەخوات.
ڕۆژنامەکان، نووسەرەکان بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو ڕەخنەی لێدەگرن، زۆر جار لە ڕۆژنامەکاندا بە ڕەقی و زبری ئەو ڕەخنانە دەگیرێن، هەندێ جار نوسینەکان دەگەنە حاڵەتی جنێودان و هێرش کردن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بێزاری جەماوەر لە کاسە سەری کردووە.
لەڕاستیدا هەبوونی ڕەخنە گرتن خۆی لەخۆیدا کارێکی باشە، چونکە هەر ڕەخنەیە کارە باشەکان لە خراپەکان جیا دەکاتەوە و دەبێتە هەوێنی کاری نوێ و باشتر و باشترین، بەڵام بەداخەوە هەندێک نووسەرانی ئێمە کە ڕەخنە بەدوای ڕەخنە لە ئیدارە، لە حکومەت، لە حیزبەکان ، لە خۆیان، لەدار لە بەرد...هتد دەگرن، دەبینین دەقەکان بە دەگمەن ڕێگەچارەی کێشەکانیان تیادایە، پێشنیاریان زۆر کەمە، چارەسەرو ئەڵتەرناتیڤ نانووسن. لە کاتێکدا لەم ساتەدا زۆر گرنگە کە توێژی ڕووناکبیر بەردەوام هەوڵ بدەن بە دیدی خۆی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ئەو کێشانە بخاتەڕوو کە بونەتە هۆی دروستبوونی گەندەڵی، چونکە هەرچۆنێک بێت ئێمە خەڵکی ئەم خاک و وڵاتەین، ئەوانەی کە ئێستا وڵات و حکومەت بەڕێوە دەبەن هەر هەڵقوڵاوی ناو میللەت و خەڵکن، وەرن سەیرکەن یەک بەیەکی ئەو کەسایەتیانەی کە لەلوتکەی هەرەمی ئیداری و حکومی و سەرکردایەتیدان کامیان لە بەنگلادیش و زیمبابۆیەوە هاتوون؟! هەموویان خەڵکی گەڕەک و شارەکان و ناوچەو گوندەکانی خۆمانن، کەواتە دەبێ هەوڵ چاککردنی بدرێ نەک تێکدانی. ڕاستیەکەی ڕەخنەی ڕوخێنەر بەردەوامی بێ چارەسەر هەرگیز ئومێدی بنیاتنانی لێناکرێ، بەڵکو پێشنیارەکان، چارەسەرەکان و نیەتە پاکەکان دەتوانن گۆڕان و بناتنان بخولقێنن تا کار لە کار نەترازاوەو جەماوەر لە تاوی بێ بەشی خزمەتگوزاری کە مافی سەرەتایی خۆیەتی پەنای بۆ توندوتیژی نەبردووە کە ناهەقی نیە.
عەرەب دەڵێ (دەنکە دەنکە دەبێتە کوپێ) هەر بەو شێوەیە گەر تاکەکانی کۆمەڵ هەریەکەو لەلای خۆیەوە لەکاری خۆیدا قبوڵی گەندەڵی نەکات ئەوا بە گشتی حکومەتەکەش چاک دەبێ، چونکە لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدابە ئاشکرا نابیندرێ کە بەڕێوەبەرێک هەبێ و بە ئاشکرا داوا بکات لە فەرمانبەرەکانی بکات کە گەندەڵ بن یان کاری خۆیان بە ڕێکوپێکی بەجێ نەهێنن.
بە ئومێدی چاکسازی و ڕیفۆرم لە هەموو بوارەکانی ژیانماند، هەڵبەت ئەم کارو هەنگاوە پیرۆزە بە پسپۆڕانی تەکنۆکرات دەکرێ، بەداخەوە ئێستا پەراوێز خراون

**بەهمەن محەمەد عومەر**

# نان مەخۆن، پسکیت بخۆن!!

لە کاتێکدا ئەم وڵاتە، بەهۆی فەرامۆشکردنیەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، هەر ڕۆژە تووشی دەردێک دەبێ، دوایین دەرد بڵاوبوونەوەی سکچوون و ڕشانەوە بوو، دوای هێنان و بردنێکی زۆر وەزارەتی تەندروستی هەرێم دان بەوەدا دەنێ کە پەتای کۆلێرا بڵاوبۆتەوە.
لەهەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا،ئەگەر حکومەتێک هەبێ بەرامبەر بە کێشەی وڵاتیەکانی خەمساردبێ، ئەوە تەنیا حکومەتەکەی لەمەڕ خۆمانە، چونکە لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ ئیتر شاری سلێمانی چەند قاتێ خانوبەرەو دانیشتوانی زیادی کردووە، چەندین گەڕەک لە چواردەوری شار دروست بوون، بەڵام حکومەت هیچ مشوری خزمەتگوزاریە پێویستیەکانی نەخواردوون، بە تایبەت ئاو و کارەبا کە دوو پێویستی سەرەکی ژیانی مرۆڤن. حکومەت لەبەرئەوەی کە نەیتوانیوە یا بەلایەوە گرنگ نەبووە ئاو بۆ ئەو گەڕەکە تازانە دابین بکات، بواری دان



خەڵک لەسەر گیرفانی خۆیان بیر هەڵکەنن، بەڵام کاتێک پەتایەکی ترسناکی وەک سکچون و ڕشانەوەو کۆلێرا بڵاودەبێتەوە، ڕێنماییە تەندروستیەکانی تەلەفزیۆن پێمان دەڵێن: ئاوی بیرو کانیاوو کارێزەکان مەخۆنەوە چونکە پاک و تەندروست نین وەک ئەوەی ئاوی بەلوعە گەیشتبێتە هەموو ماڵێک!! خەڵک بۆ خۆیان دەزانن ئاوی بەلوعە لە ئاوی بیرو کارێز پاکترە ، ئەمە کوت و مت ڕووداوێکی شۆڕشی فەرەنسامان بیردێنێتەوە، کاتێک ڕەش و ڕووتی گەلی فەرەنسا بەرامبەر بە دەسەڵاتدارێتی مل هوڕی پاشایەتی لویسی شازدەهەم راپەڕین، شەپۆلی خۆپیشاندان گەیشتە کۆشکی (ڤرسای) کە کۆشکی پاشای فەرەنسا بوو، **ماری ئەنتوانێت** شاژنی فەرەنسا پرسی ئەوە چیە ئەو خەڵکە داوای چی ئەکەن؟ دەست و پێوەندەکەی گوتیان: خانمی مەزن گەل برسیانە داوای نان ئەکەن، شاژنیش بە هەموو ئەقڵی خۆیەوە فەرمووی: گەر نانیان دەست ناکەوێت، با پسکیت بخۆن.
هەمان شت لە حکومەتەکەی خۆمان ڕووی دا، وەزارەتی تەندروستی کە بەشێکی گرنگی ئەم حکومەتەیەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و تەندروستی وڵاتیانەوە هەیە، تازە پێمان دەڵێ ئاوی بیر مەخۆنەوە چونکە پاک و تەندروست نیە کەواتە بێ ئاگایی و لوتبەرزی **ماری ئەنتوانێت** و حکومەتەکەی خۆمان هاوتای یەکن پێمان دەڵێن: نان مەخۆن و پسکیت بخۆن.

**عومەر محەمەد یونس**